# ئەنفال

## لەبیری نەوەی نوێدا

شوان شوانی



ئەنفال ترسنا کترین کردەی سەربازی بوو لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دژ بەگەلی کورد. بۆیەکەم جارلەمێژووی مرۆڤایەتیدا حکومەتێك بەو شێوەدڕندانە یە بکەوێتە قەتلْ و عامی هاولاْتیانی خۆی مێژوومان زۆر ڕووداوو مەرگەساتی بەخۆیەوە بینیوە بەلاْم تاوەکو ئێستاش ئاسەوارو پاشماوەی ئەوکارەساتە لەسەر ڕووی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان دیارە. ، ئەوەی مەبەستمە با سیلێوە بکەم، ئەوەیەئەنفال و هەلْەبجە دوونۆبەرەی کاردانەوەی گەل بووکە ڕاپەڕین دەری‌خست، ڕاپەڕین واتا ئەم دوونۆبەرەیە رقی پەنگ خواردووی چەندانسالْەی میللەتی‌کورد بوو بۆیە دەکرێ بلْێین خوێنی هەلْەبجەو ئەنفال ئەو ئازادیەی ئەمڕۆی هێنایە بەرهەم، دەبوایە لەهەموو کەس زیاتر کەسو کاری ئەنفال وهەلْەبجە بەرهەمی ڕاپەڕینیان بخواردایە، بەلاْم بەداخەوە ئەو شوێنانە کەئێستا پشماوەی کەس وکاری ئەنفال کراوەکانی للیْ نیشتە جێیە هەژارترین و بیْ نازترین مەملە کەتە لەکوردستاندا، ئەوەتا لەئۆردووگای شۆڕش و ڕزگاری و هەلْەبجە وە. هتد هەژارترین بەشی‌کۆمەلْگەی کوردی پێکدێنن، بەهەر حالْ لەسەروی ئەمانەش هەمویەوە تاوەکو ئێستا دوای ( 11 ) سالْ حوکمی خۆمالْی کوردی نەتوانراوە لەو حوکمەتەدا وەکو خۆی هەقی پشماوەی ئەو شەهیدانە بدات، یان نەتوانراوە جێگای ئەنفال و هەلْەبجە لەمێژووی گەلەکەماندا تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو لەڕاستی ئەنفال و هەلْبجە بگەن، نمونەشمان بۆ ئەمە ئەوە چەند سالْێك لەمەو بەر ڕۆژنامەیەك لەخوێندکارێکی زانکۆی سلێمانی دەپرسیْ ؟ " ئەنفال مانای چی‌یە ؟ لە وەلاْمدا دەلْیْ ئەنفال چی یە من هیچی لیْ نازانم ؟ کارەساتە خوێندکارێکی زانکۆ مانای ئەنفال نەزانیْ. بۆیە دەلْێم کاتی ئەوە هاتووە هەردوو ئیدارەی کوردی یەك بگرنوو بکەونە خزمەتی کەس و کاری پاشماوەی ئەنفالەکان و لەپرۆگرامەکانی خوێندنیشدا بەبەرنامە یەکی زانستیانە ئەنفال و هەلْەبجە بخەنە نێو بەرنامەی خوێندنەوە گەرنا چەند سالێکی تر، ئەنفال دەبێتە وشەیەکی نامۆ لەسەر زاری نەوەی نویْ.........

www.kurdistannet.org